# شەڕی نەوت و بەرژەوەندی

کاوە ئەمین



تا دێت عێراق وئەمریکا، زیاتر دان لەیەکتری جیڕدەکەنەوە، هەمان کات لەگەلێک لاوە باس لە دەستهەلگرتنی سەددام لە دەسەلات دەکەن، بەخۆشی خۆی. بەلام هەڕەشەکانی ئەم دواییەی سەددام لەکاتی یادکردنەوەی ٦ ی کانوونی شوم کە یادی دامەزراندنی سوپای کۆلۆنیالستی عێراقە، ئەو ئەگەرانەی ڤالا دەرخست، ئاخر سەددام باش لەوە تێگەیشتووە کە ئەگەر لەهەر ولاتێک مافی مانەوەی پێ بدرێت، ئەوا درەنگ یان زوو هەر دەیهێننەوە بۆ بارەگای دادگایی مافی مرۆڤ لە (لاهای) لە ولاتی هۆلەندا.

ئەو ولاتانەی کە بەتوندی دژی هەر هەولدانێکی سەربازی ئەمریکا بوون لە دژی عێراق تا دێت لە بانگاشەکانی خۆیان پەشێمان دەبننەوە، بەتایبەتی کەدەزانن ئەمریکا حساب بۆ هیچ ئۆپنیونێک ناکات و تا دێت لەسەر بڕیارەکانی خۆی پێ دادەگرێت. یەکێک لەو ولاتانەی کەتائێستا زۆر بە توندی دژایەتی هەولە سەربازیەکانی ئەمریکای دەکرد، فەرەنسا بوو، ئاخافتنەکانی جاک شیراک نیشانەی گۆرینی هەلوێستی ئەو ولاتەیە لەمەڕ کێشەکانی عێراق.

عێراق و باشووری کوردستان لەوەرگایەکی باشی ئابوورین بۆ ولاتانی سەرمایەداری بۆیە هەموویان دەخوازن کە لەو نێچیرەدا بشکداربن، ئەمە لەکاتێکدا کە ولاتەکە تا بینەقاقای قەرزدارە و کاول و وێران کراوە و حکومەتێکی دەستەمۆی سەربەخۆیانیش، جێگای سەددام دەگرێتەوە، وەک دەلێن ڕێوی بە پیریانەوە هاتووە، بۆیە پێ دەچێت لە کۆتایدا هەموویان دەستی ئافەرین بە پشتی (جۆرج Wبووش) دا بکێشن.

ولاتێکی برسی و شەکەتی وەکو تورکیا لەهەمووان زیاتر دەمی بۆ پارو کردۆتەوە، بۆیە هەولدەدات بەهەچ شێوەیەک بێت خۆی لەگەل ڕەوشەکەدا بگونجێنێت، بەتایبەتی بەهۆی مقاشە تورکمانەکانیەوە لە باشووری کوردستان دەیەوێت دەستی خۆی بووەشێنێت، هەولدانی تورکیا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی داهاتووی بەرهەلستکارانی عێراقی لەو ولاتە بکەیێت، یەکێکە لەهەولە فێلبازیەکانی تورکیا بۆ ڕاکێشانی سۆزی تورکمان و خەلکانی نزیکی تورکیا بۆ لای خۆیی.

بەداخەوە دەبێت بلێم کە ڕەنگە کورد لەهەمووان زیاتر بێ بەرنامەبێت لەم گەمەیەدا، تائێستاش سیاسەتێکی ڕوون وئاشکرا و هەلوێستێکی یەکگرتوو کە تیایدا بەرژەوەندیەکانی کورد و کوردستانی تێدا پارێزراو بێت، لەئارادانیە. لەهەموو ئەو ئاخافتنانەی بەرپرسانی باشووری کوردستان بۆ کەنالەکانی ڕاگەیاندن، گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئەمریکا هیچ مشاورەتێکی لەگەلدا نەکردوون بۆ داهاتووی عێراق و کوردستان. لەکاتێکدا کە کورد دەتوانن کلیلی کردنەوەی گەلێک دەرگابن و بخرێنە خزمەتی بەرژەوەندی کورد و کوردستان. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەگەر ڕژێمی عێراق فریایی هاویشتنی دوا تیری ژەهراویی خۆی بکەوێت، دەیگرێتە کورد، بەرپرسیارانی باشووری کوردستان لەم ڕووەوە مێش میوانیان نیە، هەر بۆەی هیچ هەولێکی ئاشکرا نەدراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت لەئەگەری ڕودانی کارەساتێکی وادا کەمترین قوربانی بدرێت.

خومەینی و سەرانی تری ئێران لە ماوەی هەشت ساڵ شەر لەگەڵ عێراقدا، هەمیشە ورەی سەربازەکانیان بەوە بەرزدەکردەوە کە دەیانووت "سەددام دەروات و دەروخێت"، بەڵام دواجار پەرداخە ژەهرەکەشیان نۆش کرد و سەددامیش نەڕۆیشت، بەڵام ئەمجارە پێ دەچێت لاشەی سەددام وەکو (چاوسیسکۆ) لە شەقامەکاند ببینرێت، یان بەدەردی هیتلەر بچێت، لەهەمووی چاکتر و خۆشتر بۆ کورد ئەو ڕۆژەیە کە عێراق هەڵوەشێتەوە و کورد کیانی سیاسی و قەومی خۆی دامەزرێنێت، بە هیوای ئەو ڕۆژە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت